# تکایە دەنگ بدەن بە لیستی سپی !



**دارا ئەحمەد**

رامیاریی لەمرۆدا وەک زانستێک لە هەردوو لایەنە تیۆریی و پراکتیکیەکەی هەموو کایە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی بەخۆوە خەریک و پەیوەست کردووە.. بەجۆرێک کە هیچ بزاڤ و کردەیەکی مرۆڤەکان لە سادەترین هەڵسوکەوتەوەڕا تا دەگاتە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەو گۆی زەویەمان بەدەر و دابڕاو نییە لە کارتێکردنەکانی رامیاریی لە هەردوو لایەنە زانستیی و دیپلۆماسییەکەیدا کە زەقترین دەرکەوتنیشی تا ئێستا خۆی لە دروستکردنی پارت و رێکخراوی رامیاریی دەبینێتەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کە ئەویش لە رێگای گەیشتن بە پەرلەمانەوەیە.

وەک دەریشکەوتووە ئێستا پەرلەمان وەک میکانیزمێکی کارا بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت زۆر کۆن بووە و ئیدی ناتوانێ بە شێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژیانی نوێی کۆمەڵ و ئەو گشتە پەرەسەندن و پێشکەوتنانەی ئێستای جیهان بێ بۆیە وەک دێتە بەرچاو جۆرێک لە ناتەبایی لە نێوان رامیاریی و پەرلەمان دا دروست بووە و واپێدەچێ چیتر رامیاریی بێخەم بەدیار داهێزراویی و بڕست لەبەربڕاویی پەرلەمانەوە دانەنیشێ و لە مرومۆی ئەوەدابێ کە میکانیزمێکی نوێ ئافەرریدە بکا، بەگوێرەی هەموو داتاکانی بەشدارییکردنی خەڵک لە رامیاریی و وابەستەبوونیان بە کێبڕکێی پەرلەمانیش چ زوو یا درەنگ هەر دەبێ و پێویستە میکانیزمێکی نوێ و لەبار و شیاو جێگای پەرلەمان بگرێتەوە بەڵام لەبەرئەوەی رامیاریی تا ئێستا بەپێی پێویست بەرخوردێکی چالاکی لە تەک کۆمەڵ و تاکەکانی بەشێوەیەکی کردەیی ئەنجام نەداوە نەیتوانیووە ئەڵتەرناتیفێکی باشتر لە پەرلەمان بهێنێتە ئارا رەنگە ماوەیەکی پتریشی بووێ تا ئەدگارەکانی دەربکەون و لەنێو خەڵک دەستاودەست بکەن و لەپڕۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەدا زەمینەیەکی لەباری بۆ بڕەخسێندرێ و وەک فریادرەسێک بۆ نوێبوونەوەی دەسەڵات یان دەسەڵاتێکی نوێ کە خەڵک بە تاسەوە پێشوازیی لێبکا خۆی رابگەیەنێ.

بۆیە من وایدەبینم هێشتا پەرلەمان بۆ ئەو خولەی ئێستا کە جیهان لەنێو دەرکەوتەی رووداوەکانی قەیرانی ئابووریی ئێستای سیستەمی سەرمایەداریی نووقم بووە و تا دەرکەوتنی دەرەنجامەکانیشی ووزەیەکی تێدا ماوە و بەبێ هاتنە ئارای تیۆرێکی نوێ - کە ئەگەر رووبدا وێدەچێ هەر درێژکراوەی تیۆری چەپگەریی بێ - بە ئاسانی لەکار ناکەوێ و جێگای خۆی چۆل ناکا.. هەربۆیەشە من هێشتا و تا گەیشتنی ئەو پێشاهاتە مەزندەبۆکراوانەش پرۆسەی دەنگدان و پەرلەمان بۆ سەردەمی ئێستا رەت ناکەمەوە و بە نامۆی نابینم چونکە ئێستاش دەکرێ کەسانێکی پێشکەوتووخواز بتوانن رۆڵێکی بەرچاو لەنێو پەرلەمان بە پەرلەمان بگێڕن بۆ خزمەتکردنی رەوتی پێشکەوتن ئەگەرچی لاوازیش بن بە بەراورد لەگەڵ رۆڵی زۆرینەی پەرلەمان کە ئێستا هەردەم لەدەست هێزە راستڕەوەکانە، چونکە کۆششی مرۆڤ تەنیا لەسەر زەمینەیەکی بەرجەستە و بەردەست ئەنجام دەدرێ و هەرگیز ناتوانرێ و هیچ زانست و تیۆرێکیش پشتگیرییت لێناکا ئەگەر تۆ بتەوێ لە ئاسمانان و لەنێو هەوادا پێێ خۆت بچەقێنی و هەنگاو بنێی.

من له یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەنگم به هیچ لیستێک نەدا چونکه بەپێی ئەزموونی یازده ساڵ رێخکراوبوونم و هەفت ساڵ پێشمەرگایەتییم لەپێش راپەڕین له نێو هێز و لایەنەکانی کوردستان گەیشتبوومه ئەو باوەڕەی که ئەو لیستانەی که له ساڵی ١٩٩٢ خۆیان کاندید کردبوو بۆ پەرلەمان هیچیان ناتوانن ببنه نوێنەری گەل، لەراستییشدا هەر وا دەرچوو.. ئەوانەی له هەڵبژاردنەکه سەرکەوتن بەوانەشەوه که سەرنەکەوتن بەڵام بەشدارییان پێکردن له پەرلەمان و دوایش به هەموویان که یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دروست کرد نەک هەر نەیانتوانی ببنه نوێنەری گەل بەڵکه کۆمەڵگەی کوردستانیان تووشی چەندین کارەساتی جەگبڕ کرد وەک: شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوخۆ و دروسبوونی دوو حکومەتی ناوچەگەر و پاوانخواز ، داگیرکردن و تاڵانکردنی سامانی خەڵک و وێرانکردنی دامودەزگا مەدەنییەکان ، برسیکردن و دروستکردنی گرانیی و قاتوقڕییەکی لەرادەبەدەبەدەر ، پێشێلکردنی یاسا مەدەنییەکان- هەرچەندە پێشکەوتووخوازانەش نەبوون- و خستنەگەڕی یاسایەکی چەتەگەریی، نەبوونی ئاسایش و سەرکوتکردنی ئازادیی سیاسیی و رادەربڕین و ئازادیی رۆژنامەگەریی و هەر دەنگێکی ناڕازیی و بەرفراوانکردنی کاری تیرۆریستیی له لایەن پارتەکان ، ژیاندنەوەی دین و پیاوسالاریی و دابوونەریتی دەرەبەگیی و دواکەوتووانه و کوشتنی هەزاران ژن و تێکدانی پەروەردەی منداڵان و پەراوێزخستنیان، لەباربردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەکورتیی جگه لەو دەستکەوته نەتەوەییانەی له راپەڕین وەدەستهاتن که دەستیان بەسەر ئەوانیش داگرت هەرچی ماف و ئازادییەکانی خەڵک هەیه بەره و خراپتر و خراپتریان بردن.

هەرچەندە ئەوکات بەهۆی دڕندەیی رژێمی گۆڕبەگۆڕ و سەرکوتکردنی خەڵک له هەموو روویەکەوه هێشتا جەماوەر هێندە چاوکراوه یان هۆشیارییەکی پێویستی نەبوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکه به ڕاستیی و دروستیی بخوێنێتەوه و دواییش یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنیش بوو که گوایه بۆ خۆبەڕێوبردنی خۆیان ئەنجامی دەدەن جگه له خەڵکێکی کەمی وەک ئێمەمانان تێکڕایان دەنگیان بەو حیزب و لایەنانه دا و تەنانەت ئێمەیان به تۆمەتی دژه شۆڕش و (تابووری پێنج) و دەستی دەرەکیی و شتی لەو بابەتانه تاوانبار دەکرد چونکه دەنگمان به لیستی حیزبەکان نەدا و دەنگمان به لیستی سپی دا ، بەڵام ئەو خەڵکه کەمه به پێداگرتنیان له سەر ئەو جۆره خەباته و کارکردنیان لەسەر هۆشیارترکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ توانییان هوورده هورده پانتاییەکی گەوره لەنێو جەماوەر پەیدا بکەن بەجۆرێک که تا هاتووه ژمارەی دەنگدەران کەمتر دەبێتەوه و ئێستاش که بڕیاره لەو ماوانەدا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ئەنجام بدرێ خەڵکێکی یەکجار زۆر ئاماده نین دەنگ بەو پارت و لایەنانه بدەن که ئێستا خۆیان کاندید کردووه.

جگه لەوەی ئێستا خەڵک له تەواوی جیهان زۆر بێزار بوونه له جێبەجێنەکردنی ئەو پەیمانانەی که پێش هەڵبژاردن دەدرێن و پاشانیش هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ نایێته ئارا بۆیه بۆیان گرنگ نییه که دەنگ بدەن یان نەدەن.. له هەمان کاتیشدا ئێستا خەڵک ئەو دەنگنەدان یاخود دەنگدانه به لیستی سپی وەک جۆرێک له خەبات ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی دەسەڵات و پارتەکان ناچار بکەن خزمەتگوزاریی زیاتر ئەنجام بدەن و ماف و ئازادییەکان بەرفراوانتر بکەن چونکه باش لەوه گەیشتوون که ئەگەر هەرهەموویان یان خەلکێکی زۆر دەنگ به باشترین حیزبیش - که باشیان تێدا نییه - بدەن ئەوا ئەو حیزبه له کاتی سەرکەوتنی بەرامبەر به جەماوەر و به لایەنەکانتر بەخۆی دەنازێ و لەبەرئەوەش که هەر له بنچینەدا حیزبێک نییه که له هەناوی خەڵکی نەدار و زەحمەتکێش و بۆ ئامانجەکانی ئەوان لەدایک بووبێ و تەنیا به هۆی دەنگ کڕین و ناچارکردنی خەڵک بۆ دەنگدان سەرکەوتنی وەدەستهێناوه هەرگیز ناتوانێ پەیمانەکانی جێبەجێ بکا و ئیدی به فەرامۆشکردن و رووتاندنەوەی خەڵک خەریکی دروستکردنی ژیانێکی شاهانه دەبێ بۆ دەستەبژێرەکانی حیزب و حکومەت.

لەکەس شاراوه نییه که خەڵک به دەنگ پرۆسەیەکی دەنگدانەوه دەچن ئەگەر هەست بکەن کڕینی دەنگ و ناچارکردن بۆ دەنگدانی تێدا نەبێ و خۆکاندیدکردن به شێوەی تاک یان کۆمەڵ لەسەر بنچینەیەکی ئازادانه بێ و ئەگەر ئەو هەموو

زاراوه و ڕێوشوێنە بیرۆکراسییانەی وەک ( دانانی پارەیەک وەک بارمتە بۆ بەشداربوون ، دەرفەتنەدانی تاک وەک تاکێک خۆی کاندید بکا ، پێشەکەکردنی ژمارەیەک ناو تا ڕێگای بەشدارییکردن بدرێ، دیاریکردنی ژمارەی کاندیدکراون بۆ هەر لیستێک، خۆکاندیکردن لەسەر ئاستی وڵات و پەیڕەونەکردنی خۆکاندیدکردن لەسەر ئاستی ناوچەیی، لیستی کراوە و داخراو و کراوەی ئاستدار و ڕێژەیی و بازنەیی و چەندین زاراوەی تری بێ واتا کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم دەنگدەر و ئەو کەسانەی خۆیان کاندید دەکەن، و ... هتد) کە لە پرۆسەکەدا وەک کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک بۆ خزمەتکردن بە حیزبە خۆسەپێنەرەکان دەخرێنەکار هەڵبوەشێندرێنەوە و جگە لە هەندێک مەرجی وەک تەمەن و پێشینەیەکی پاکی کەسی خۆکاندیدکەر کە هیچ کارێکی دژمرۆیی و دژە بە کۆمەڵی ئەنجام نەدابێ کەس ناچار نەکرێ ملکەچی هیچ مەرجێکیتر بێ بۆ خۆکاندیدکردن. بەڵام وەک لە ئەزموونی ئەو هەژدە ساڵەی پەرلەمانی ڕابردوو بینیمان جگە لەوەی هیچ یەکێک لەو بەربەستانەی باسمانکردن چاکنەکران و بگرە بەربەستی سەربارێشی هاتۆتەسەر و هیچ دەستاودەستێکی دەسەڵاتیش نەکراوە و ئێستاش هەر ئەو دەموچاوانەن کە هەژدەساڵ پێش ئێستا دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەوانەی خۆ بە لیستی نوێش دادەنێن زۆربەی هەرە زۆریان هەر ئەو دەموچاوانەن کە جگە لەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە دەسەڵات کردووە هەندێکیان بە توندترین شێوەش دژ بە ماف و ئازادییەکانی خەڵک وەستانەتەوە و ئەوانیتریش لەبەر لاوازیی خۆیان توانای ئەنجامدانی خراپەکارییان نەبووە دەنا بێگومان ئەوانیش باشتر نەدەبوون.. کەچی ئێستا لە پڕوپاگەندەی پێش هەڵبژاردن بانگەشەی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی و چاکسازیی و گۆڕان و دەوڵەتی یاسا ئەو زاراوانە دەکەن کە هەموو کەسێک بە قسە پێیان دەوێرێ و بۆتە مۆدیلێکی بێزەوەر و وای لێهاتووە مرۆڤ بێز لە زاراوەکانیش بکاتەوە.

من گەللەک ڕەشبینم بەو پرۆسەی ئەو خولەی ئێستای هەڵبژاردنی پەرلەمان و وا هەست ناکەم جگە لە گۆڕانی هەندێک دەمووچاو یان گۆڕان بەرەو خراپتر هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی ئەوتۆی تێدا بێتە ئارا کە بتوانێ وەک سەرەتایەک چارەسەری ئەو کێشانە بکا کە لە سەرەوە باسمانکردن ، هەربۆیە من خوازیارم ئەو جەماوەرەی بە پەرۆشی ئەوەیە کە بەرەوپێشەوەچوونێک لە بوارەکانی ژیان و ئازادییەکانی خەڵک و بەردەوامبوونی ڕەوتی سەربەخۆخوازیی کوردستان بێتە دی با دەنگ بدەن بە لیستی سپی و هیچ لیستێک لەو لیستانە هەڵنەبژێرن کە هەرکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ساڵانێکی دوورو درێژە بە بەراورد بە خەبات و قوربانیدانی خەڵک و بە بەراورد بە ژیان و سەردەمی ئێستای جیهان چەقیان بە کوردساتن بەستووە.

کەس گرێنتی ئەوەی پێ نییە کە بە سەرکەوتنی کۆمەڵێک لەو لیستانە سادەترین ئامانجەکانی گەل بێنە دی، کەچی زۆر لەگێنە دەیان کارەساتیتری لە بابەتی ئەوانەی کەلەسەروە باسمانکردن بەسەر ئەو میللەتە بەشمەینەتە بهێننەوە.

بەڵام سەرکەوتنی لیستی سپی گرێنتی ئەوە دەدا کە دەسەڵات سەر لە دیوار بدا و بەناچاریی بۆ لای میللەت بگەڕێتەوە و بۆ لەسەرڕێیوەستانی خۆی و لەدەستنەدانی کورسیەکانیشی کۆمەڵێک لە ویست و ئامانجەکانی گەل دابین بکا.

**کەواتە بۆ ئەوەی بتوانی سەربەرزانە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕەش ڕابوەستی**

**دەنگ بدە بە لیستی سپی!**

**٢٠٠٩\٤\٣٠**

dara@emrro.com